## ڤیولیت یوخەننا

### یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی ئەکاد:

# پێویستە هۆڵی زیاتر بۆ ئافرەتان بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن توانای خۆیان دەربخەن




**لە ئێستادا یاریزانان لە ئاستی تەمەنە جیاوازەکان بە شێوەیەکی بەرچاو روو لە وەرزشە جۆراوجۆرەکان دەکەن بۆ زیاتر خزمەتکردن بە وەرزش لە کوردستان، یانەی ئەکادی شارۆچکەی عەنکاوەش یەکێکە لەم یانانەی کە هەموو ساڵێك کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانا پێدەگەیەنێت بۆ ریزی تیپەکانی، لە ئاستە جیاوازەکانی یانەکەدا، وەکو بەرنامەی یانەکەش لە هەموو یارییەکان یانەی ئەکاد ساڵانە چەندین قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە پاڵەوانێتییەکان باشترین ئەنجام بەدەست بهێنن. ڤیولیت یوخەننا لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٩ی شارۆچکەی عەنکاوەیە و یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی تۆپی باڵەیە، لەم دیمانەیەدا سەبارەت بە خۆی و رەوشی وەرزشی یانەکەی وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.**

*** چۆن بوو ئاشنایەتت لەگەڵ وەرزش پەیدا کرد؟**

-من لە تەمەنی منداڵییەوە لەگەڵ دنیای وەرزش ئاشنا بووم و خۆشم خولیای ئەوەم تێدا بوو کە دەتوانم لە داوارۆژدا یاریزانێکی باشم لێ دروست بێت.

***بۆچی یانەی ئەکادت هەڵبژارد؟**

- یانەی ئەکاد هەمیشە قوتابخانەیەك بووە بۆ پێگەیاندنی چەندین یاریزانی بەتوانا کە دوارۆژێکی باش لە چاوەڕوانی ئەواندایە بە حوکمی ئەوەش من خەڵکی عەنکاوەم، بۆیە ئەکاد باشترین یانە بووە کە بتوانم لەگەڵی ئاستی خۆم پێش بخەم.

***بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاری باڵەی لە کوردستان چۆن دەبینی ؟**

- لە کوردســـتان گرنگییەکی باش بەم یارییە دەدرێت، یانەی ئەکادیش زۆر گرنگی بە یارییەکان دەدات لە ئاســـتی کچان بۆ ئەوەی لە یارییە جۆراوجۆرەکان پێشـــەنگ بن، بەڵام لە ئێســـتادا پێویســـتە زیاتر گرنگی بە کردنەوەی خول بدرێت

بـــۆ یاریزانانـــی ئاســـتە بچووکەکانـــی، بەتایبەتی لاوان وتازەپێگەیشتووان بۆ ئەوەی زیاتر پێش بکەون.

*** پێتوایە چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان زیاتر پێشبکەوێت؟**

- دەبێـــت زیاتر گرنگی بدرێت بە ئاســـتەکانی تەمەن و قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان و پێویســـتە هۆڵی زیاتر بـــۆ ئافرەتان بکرێتەوە بۆ ئـــەوەی توانای خۆیان لە وەرزش دەربخـــەن، چونکە ئێســـتا زۆربەی یانـــەکان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان هۆڵی تایبەتیان نییە.

***کێشە و گرفتەکانی یانەی ئەکاد زیاتر لە چیدا رەنگ دەداتەوە؟**

- سوپاس بۆ دەســـتەی راهێنەران و دەستەی کارگێڕی یانەکەمان کە ئەوان هیچ کات رێگەیان نەداوە کێشەمان بۆ دروست بێت.

***بۆچی ئافرەتان لە کوردستان کەمتر روو لە وەرزش دەکەن؟**

- زۆر جار خانـــەوادەکان بەهۆکاری جیاواز رێگری لە منداڵەکانیان دەکەن بۆ وەرزشـــکردن، هەروەها زۆر جار کۆمەڵگەش ئافرەتی وەرزشـــکار بە چاوێکی کەم سەیر دەکات، ئەوەش ناوشیارییە. بەڵام من لێرەوە سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم کە بـــەردەوام هاوکاری منیان کردووە و پشتیوانم بوون بۆ ئەوەی پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم و بتوانم ئاستم بەرزبێتەوە و لەگەڵ یانەکان یاری بکەم.

***پەیامت چییە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە وەرزش ناکەن؟**

ـــ بە هیوای ئەوەم ئەوانیش بە زووترین کات پەیوەندی بە ناوەندەکانی وەرزشی بکەن، بۆ ئەوەی لانیکەم تەندروستییەکی باشیان هەبێت.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك چییە؟**

ـــهیوام ئەوەیە لەگەڵ یانەی ئەکاد بتوانم گرنگی زیاتر بە تواناکانی خۆم بدەم وەکو یاریزانێك و لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە بەشداربم و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین.

*** وەکـــو قوتابییەك خوێندن تا چەند هۆکاری رێگەگرتن لە وەرزشکردنت بووە؟**

- وەرزش رێگـــر نەبووە، چونکە مـــن بەرنامەی تایبەتم داناوە بۆ وەرزش و خوێندنەکەم، بەهیوای ئەوەشم بتوانم لە هەردووکیاندا سەرکەوتووبم.


***لە کۆتاییدا ئەگەر شـــتێکت ماوە بە گۆڤاری گوڵانی بڵێیت؟**


ـــ سوپاســـی گۆڤـــاری گـــوڵان دەکەم کە ئەوان هۆکارن بۆ ناســـاندنی یاریزانە تەمەن بچووکەکان.

# فرانک لامپارد گەشبینە بە گەیشتنی مانچستەر سیتی بۆ قۆناغی هەشتەم

ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئینگلتەراو یانەی مانچستەر ستی فرانك لامپارد دانی بەوەدانا کە لەناوەخۆی یانەی مانچستەر ستی ئاراستەیەك هەیە لەپێناو باشترکردنی تۆماری تیپەکە لەپاڵەوانیەتی چامپیۆنس لیگ. هەروەها لامپارد بۆ ئاژانسەکانی هەواڵ روونیکردۆتەوە کە بەبۆچوونی خۆی بێ ئومێدیەك هەبووە لەلایەن یانەی مانچستەر ستی بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا. هەروەها ناوبراو هیواشی خواست کە بتوانن یانەی بەرشلۆنە لەقۆناغی ١٦ تێپەڕێنن و بگەنە یارییەکانی کۆتایی. لە کۆتایی قسەکانیشیدا فرانك لامپارد وتی: لای هەموو کەس روونە کە پێنج بۆ شەش یانە دەتوانن جامی چامپیۆنس لیگ بەدەست بێنن لەوانە بەرشلۆنە و ریال مەدرید و ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی چێلسی ئینگلیزی و بایەرن میونشینی ئەڵمانی کە دەتوانین بڵێین رکابەری سەرەکین لەم چەند ساڵانەدا.

هیواکانی یانەی مانچستەر سیتی لەبەرامبەر یانەی بەرشلۆنە تووشی شکستێکی گەورە بوو دوای دۆڕاندنی لەناو یاریگەی خۆی بەئەنجامی (٢-١) گۆڵ و پێویستە لە یاری گەڕانەوە بەجیاوازی دوو گۆڵ یارییەکە بباتەوە بۆ ئەوەی بگاتە قۆناغی هەشتەم، یاری گەڕانەوەش لە رۆژی ٢٠١٤/٣/١٨ لەناو یاریگای کامب نو ئەنجام دەدرێت.





# مشتومڕ لەبارەی کاتی ئەنجامدانی مۆندیالی ٢٠٢٢ بەردەوامە

یەکێتی خوولەکانی پیشەگەران بۆ تۆپی پێ لە ئەوروپا پێشنیاری یەکێتی نێودەوڵەتی فیفای رەتکردەوە بەئەنجامدانی پاڵەوانیەتی جامی جیهانی ٢٠٢٢ی قەتەر لەماوەی نێوان ١٩ی تشرینی دووەم بۆ ٢٣ ی کانوونی یەکەمی ئەو ساڵەدا، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی زیان گەیاندنێکی زۆر بە رێرەوی خوولەکانی ناوخۆی وڵاتانی ئەوروپا. هەروەها یەکێتی خوولەکانی پیشەگەران بۆ تۆپی پێ لە ئەوروپا روونیکردەوە کە یەکێتی نێودەوڵەتی تۆپی پێ( فیفا) لەمیانی کۆبونەوەی رۆژی ٢٠١٤/٢/٢٤ کە لە دەوحەی پایتەختی قەتەر بەڕێوەچوو بوو پێشنیاری کردبوو خولەکان و یانەکان پابەندبن بەچارەسەرێك بۆ ئەوەی جامی جیهانی ٢٠٢٢ لە مانگی ئایار بەڕێوەبچێت. هەروەها یەکێتی ناوبراو دووپاتیکردەوە کە ئەم پێشنیارە دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونێکی زۆر هات لەمەر خراپی کەش و هەواو بەڕێوەچوونی یارییەکان لەکەشێکی گونجاو بۆ یاریزانان و هاندەران. هەروەها لەلایەن خۆیانەوە کۆمەڵەی کاری فیفا کە خشتەی ساڵنامەی تۆپی پێی نێو دەوڵەتی ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٨ – ٢٠٢٤ ئامادەکەن پێشنیاریان کردوە مۆندیالی ٢٠٢٢ لە کۆتاییەکانی تشرینی دووەم تا کۆتاییەکانی کانوونی یەکەم بەڕێوەبچێت، چونکە ئەم کاتە بەگونجاو دەزانن بۆ بەڕێوەچوونی ئەم رووداوە وەرزشییە. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵەی کار پێشنیاریان کردووە جامی کیشوەرەکان لە ٢٠٢١ لەوڵاتێکی دیکە بەڕێوەبچێت لەجیاتی وڵاتی قەتەر و لەبەرامبەردا میوانداری جامی جیهانی یانەکان بە وڵاتی قەتەر بدرێت وەك رووداوێکی وەرزشی بۆ تاقیکردنەوەی جامی جیهان لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢١. پێویستە بوترێت یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا (یویفا) و یەکێتی یاریزانانی نێودەوڵەتی (فیفبرۆ) رایانگەیاندبوو کە لەسەر گۆڕینی کاتی بەڕێوەچوونی جامی جیهانی ٢٠٢٢ لەوەرزی هاوینەوە بۆ وەرزی زستان رەزامەندییان نیشانداوە.



# جموجۆڵی یانەی بەرشلۆنە لە بازاڕی یاریزاناندا

بەڕێوەبەری نوێی کارگێڕی یانەی بەرشلۆنە ئەریدۆ بریدا هەڵسا بەئەنجامدانی گەشتێکی ئەورووپی بەرفراوان لەپێناو ئەنجامدانی کۆمەڵێك وتوویژ بۆ گەیشتن بە رێککەوتن لەمەڕ گرێبەستی نوێ بۆ یانەکەی. لەمبارەیەوە رۆژنامەی مۆندۆی دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی بڵاویکردۆتەوە بەڕێوەبەری نوێی وەرزشی یانەی بەرشلۆنە دوای ئەوەی چەند ئامانجێکی دیاریکرد لەئێستادا گەشتێکی ئەنجامداوە بۆ بەدواداچوون لەمەر ئەو یاریزانانەی دیاریکردوون. هەروەها رۆژنامەی ناوبراو ئاماژەی بۆکردوە کە گرنگترین ئەو یاریزانەی بۆتە جێی سەرنجی ناوبراو پۆل پۆگبای فەرنسی و یاریزانی یانەی یۆڤانتسی ئیتالی و کوکی ئەستێرەی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید، هەروەها هەریەك لە مارکۆ ریۆس و لاس بیندەرە، جگە لەیاریزانی بەرازیلی دانیلۆ وەك جێگرەوە بۆ شوێنی دانی ئەلڤێس.

یەکێتی تۆپی پێی جیهانی فیفا رێگەی بەیانەی بەرشلۆنە داوە گفتوگۆ و بۆند لەگەڵ یاریزانان مۆر بکات لەهاوینی داهاتوو بەڵام ناتوانێت ئەم یاریزانانە تۆمار بکات و یارییان پێبکات تا رۆژی ٢٠١٦/١/١ بەهۆی ئەو سزایەی کەبەسەر یانەی بەرشلۆنە سەپێندراوە بەقەدەغەکردنی کڕینی یاریزانان لە دوو مێرکاتۆی زستانەی ٢٠١٥ و هاوینەی هەمان ساڵ.